## به سێ هەنگاو فیلمی سێ ڕەهەندی لە کۆم

حەز دەکەی فیلمێکی سێ ڕەهەندی واتە 3D لەسەر کۆمپیوتەرەکەتدا ببینی، بەڵام خۆ شاشەی کۆمپیوتەرەکەت یان لاپتۆپەکەت سێ ڕەهەندی نییە و سێ ڕەهەندی پێویستی بەتەکنەلۆژیا و سیستەمی نوێ هەیە، بەڵام ئایا شتێکی وا دەکرێت؟

بەڵێ لە تەکنەلۆژیای نوێدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی KM Player دەکرێت شاشەی کۆمپیوتەرەکەت بکەی بە شاشەیەکی سێ ڕەهەندی، هەر ئەوەندە بەسە کە چاویلکەیەکی تایبەت واتە ئەو چاویلکانەی بەمەبەستی بینینی فیلمی سێ ڕەهەندی بەرهەم هاتوون لە چاو بکەی، ئیدی فیلمەکە بە سێ ڕەهەندی دەبینی.

هەنگاوی یەکەم: پرۆگرامی ناوبراو بکەوە.

هەنگاوی دووەم: فیلمێکی سێ ڕەهەندی بە پرۆگرامەکە

## فیلمەکانی ئینتەرنێت لە تەلەڤزیۆنی ماڵەوە سەیر بکە

هەرچەندە هەوڵێکی زۆر دراوە کە سنوور لە مەودای ئامێرە تەکنەلۆژیەکاندا نەمێنێت و ئامێرەکان گشت کارە بن و جۆکەر بن بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێك، وەك مۆبایل کامێرا بێت، یان کۆمپیوتەر تەلەڤزیۆن بێت، یان تەلەڤزیۆن کۆمپیوتەر بێت.

ئامێری PLAiR کە ئامێرێکی بچووکە و بەقەد فلاش میمۆرییەك دەبێت و سیستەمی وای فای- هەیە و بە ئینتەرنێتەوە پەیوەند دەدرێت و لە تەلەڤزیۆن لە شوێنی کێبڵی HD دەخرێت ئەو فیلمانەی لەسەر ئینتەرنێتن وەردەگرێت و لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکە نیشانیان دەدات. جیاوازی ئەو ئامێرە لەگەڵ ئامێرەکانی هاوشێوەی خۆی ئەوەیە کە لە سیستەمی HTML5 سوود وەردەگرێت و ئەو فیلمانەی لە ئینتەرنێتن بە کوالیتی تەلەڤزیۆن نیشانیان دەدات.



## تەنکترین مۆبایلی هۆشمەند

دەستەواژەکانی «تەنکترین، باشترین، بەهێزترین، پتەوترین، کەم کێشترین....تاد» ئەبەدی نین و ڕەنگە ماوەی تەنیا هەفتەیەك بەسەردابچێت ئەو ئامێرانەی ئەو دەستەواژەیان بەسەردا دەبڕا، لەم ڕیزەدا نەمێنن، بۆ شیکردنەوەی زیاتر، کاتێك مۆبایلێك لە ڕیزی تەنکترین مۆبایل دێتە ژمار، هەتا مۆبایلێکی تەنکتر لەو نەهاتۆتە بەرهەم، کاتێك لاپتۆپێك وەك بەتواناترین لاپتۆپ دەناسرێت هەتا ئەوکاتەی کۆمپانیایەکی دیکە لەو مەیدانەدا پێش نەکەوتووە، هەربۆیە جار هەیە بە مەودای کەمتر لە هەفتەیەك ئامێرەکان ئەو چەمکانەی بەسەریاندا دادەبڕا لەدەست دەدەن.

مۆبایلی جۆری هواوی (huawei) کە کۆمپانیایەکی چینییە و لەم دواییەدا مۆدێلی P6-U06 بەرهەم هێنا. کۆمپانیای ناوبراو ڕای وایە مۆبایلەکەی لە ڕیزی تەنکترین مۆبایلی جیهان دێت، چونکە ناگاتە 2 سم. هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی مۆبایلە هۆشمەندەکە ئەوانەن: کێشی تەنیا 120 گرامە، شاشەکەی 7.4 ئینجە، کوالیتییەکەی HDیە. خێرایی لێکدانەوەی 5.1 گیگاهێرتزە. ڕامەکەی 2 گیگابایتە. کامێرای پشتەوەی 8 میگاپیکسلە. کامێرای پێشەوەی گوایە 5 میگاپیکسلە.





## پیوتەرەکەتدا ببینە

لێبدە.

هەنگاوی سـێیەم: فەرمانی 3D کە لە خوارەوەی پەنجەرەی پرۆگرامەکەدایە ئەکتیف بکە، ئێستا چاویلکەکەت لـە چاو بکە و بە چاوی خۆت فیلمێکی سـێ رەهەندی ببینە.

## مۆتۆرجێت بۆ فێنککردنەوەی لاپتۆپ




گەرما وردە وردە پلەکانی دەچنە سەر، ئەوە هەر مرۆڤەکان نین کە بە گەرما بێزار دەبن، بگرە ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی سەردەمیش ئەو بێزاریەیان پێوە دیارە، یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی گەرما گەرمداهاتنی بەشـی پرۆسیسـەری لاپتۆپەکانـە، هەرچەندە لاپتۆپەکان خۆیان «فەن»یان هەیە، بەڵام ئەوە سپلیت تاقەتی بە گەرمای هاوین ناشکێت چ بگات بە فەنێکی بچووك.

ئامێـری GOrb II تا رادەیەك ئەو گرفتـە لە لاپتۆپەکاندا چارەسـەر دەکات. ئەم ئامێرە وەك گەجتێکی بە سوود و تایبەت دەێتەی هۆی پاراستنی لاپتۆپ لە گەرما. گەجێتێکە وەك دوو پایە لە ژێر لاپتۆپەکە دادەنرێت و جگە لە کرداری فێنککردنەوە بۆ راگرتنی لاپتۆپیش بە سوودە.

## UPSێکی تایبەت بە لاپتۆپ



جیاوازییەکـی بەرچاوی کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ لەگەڵ کۆمپیوتەری جۆری دیسکتۆپ ئەوەیە کە کۆمپیوتەری لاپتۆپ بۆ وەرگرتنی وزەی پێویست باتـری هەیە و ئەگەر کارەباش بڕوات وزەی خۆی لە باتری وەردەگرێت، بەڵام کۆمپیوتەری سـەرمێز وانییە بۆیە ئامێری UPSی بۆ دادەنرێت، ئەو ئامێرەش تەنیا خولەکێك کارەبا دەدات هەتا ئەوکاتەی کارەکەت خەزن دەکەی.

ئامێری silverback-gorilla کە تایبەتە بە لاپتۆپ هاوشـێوەی ئامێری UPSە بەڵام ئەو دەتوانێـت هەتا 14 کاتژمێر کارەبای پێویسـت بدات بە لاپتۆپەکـەت. ئامێـری ناوبراو هەر شـەحنکەرەوەی لاپتـۆپ نییە، بگرە گشـت ئامێرە ئەلکترۆنییـە دیجیتالییەکانـی وەك تەبلێت، کامێرا مۆبایل شـەحن دەکاتەوە. بەهۆی ئەو شاشـەی لەسەر شـەحنکەرەوەکە هەیە دەتوانێت چۆنییەتی شەحنکردنەوەی ئامێرەکان نیشان بدات.





## تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لە خزمەت گوڵەکانی باخچە

گوڵ و گیا هەرچەنـــدە لەکاتی تێنوویەتیدا کردارێك لەخۆیـــان دەنوێنـــن کـــە نیشـــاندەری تینوویەتی یان پێداویســـتییەکی تایبەتییانە، بەڵام ئەو پسپۆری تایبەت بـــە گوڵ و گیا لەو نیشـــانانە دەگـــەن، تەکنەلۆژیای دیجیتالـــی نوێ بۆتـــە پەیوەندییەك لە نێـــوان گوڵ و گیای باخچە و مرۆڤدا، پێشـــووتریش هەر لەم فایلەدا باســـی گەجتێکی نوێمان کردبوو کە گرفتەکانی گوڵ و گیای باخچەی دەگەیاندە خاوەنەکەی، ئێســـتاکەش گەجتێکی تایبەت بەناوی Koubachiبەرهەم هاتووە کە لە ناو ئینجانەی گوڵ و گیا دادەندرێت و بەو هەستەوەرە تایبەتییەی کە هەیەتی ڕێژەی شێ، گەرما و ڕووناکی گیاکـــە دەپێوێ و لە ڕێگای تۆڕی وایەرلەیســـی وای فای بە تـــۆڕی ئینتەرنێتەوە بەســـتراوەتەوە و زانیاری پێویســـت بۆ خاوەنەکەی بەڕێ دەکات. ئەپلکەیشنێکیش لە مۆبایلدا هەیە بەهۆیەوە زانیاری پێویســـت تایبەت بە گوڵ و گیاکە لەسەر مۆبایل نیشان دەدرێت.




## سایتێک بۆ دەستکاریکردنی وێنە



لـــە جیهانـــی ئینتەرنێتـــدا دەیان ســـایت هەن کە توانا و هەوڵەکانیان لە جوانکاری و ڕێککردن و دەســـتکاری کردنی وێنەدا چڕکردۆتەوە، زۆر جاران هەر لەم گۆشەیەدا سایتی گرنگ و بە سوودمان ناساندووە کە تایبەت بوونە بە دەستکاری کردنی وێنە.

جار هەیە لەســـەر کۆمپیوتەری و نیازت هەیە کە وێنەیەك دەســـتکاری بکەی، بەڵام لەســـەر کۆمپیوتەرەکەت پرۆگرامـــی تایبەت بە دەســـتکاری کردنـــی وێنـــە، وەك فۆتۆشـــۆپ و پرۆگرامە هاوشێوەکانی وەك ئەو نییە، لـــە کاتێکی وادا باشـــترین ڕێگاچارە ئەوەیە کە پەنا بۆ ئەو ســـایتانە بەری کە کاری دەســـتکاری کردنی وێنە بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام دەدەن.


سایتی http://www.picmon-key.com/ یەکێکە لەم ســـایتانە کە جگە لەوەی وەك هەموو ســـایتەکانی تایبـــەت بە دەســـتکاری وێنە هەموو تایبەتمەندییەکی ئەوانی تێدایە، دەیان چوارچێوە، تێکســـت، ئیفێکتی سەرنج ڕاکێشی تێدایە، هەرچەندە بۆ هەندێك لەوانە پێویستە ئەکاونتێکت لەو سایتەدا هەبێت.



## ئۆتۆمبێلە فڕۆکەکە لە

لەمێژ ســـاڵە بیرۆکەی چێکردنـــی ئۆتۆمبێلـــی فڕۆکە زەین و بیری داهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێی بەخۆیەوە خەریك کردووە، داهێنەران لەمێژە بیرلەوە دەکەنەوە چ بکەن کە ئۆتۆمبێل چیدیکە بەســـەر زەویدا نەڕوا و شـــەقامەکان قەرەباڵغ نەبـــن و ڕکابەرێکی بەهێزیش بۆ فڕۆکە بێننە ئاراوە، لە سەرەتای ساڵی 2010ەوە ئەو بیرۆکەیە تا ڕادەیەك بەرگی واقعییەتی پۆشی و چەندین فڕۆکـــەی ئۆتۆمبێل یان ئۆتۆمبێلی فڕۆکـــە تاقیکرانەوە و بەڵام بەشێوەی بەرفرە و گشتگیر بەرهەم نەهاتن.

کۆمپانیـــای Terrafugia لەم دواییـــەدا ئەویش خۆی لەو مەیدانەدا تاقیکردۆتەوە و ئۆتۆمبێلی فڕۆکەی جۆری TF-X بەرهەم هێناوە. ئەم فڕۆکەیە شـــوێنی چوارکەســـی دەبێتەوە.




# پرۆگرامێک بۆ گواستنەوەی زانیاری لەنێوان مۆبایل و کۆمپیوتەر

کۆمپانیای سامسـوّنگ بە بەرهەمهێنانی زنجیرە تەبلێت و مۆبایلەکانی گەلەکسی گۆڕانکارییەکی جددی لە جیهانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی نوێدا پێکهێنا، لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو هەوڵیداوە پەیوەندیی نێوان کۆمپیوتەر و گەلەکسی لێکنزیکتر بکاتەوە.

پرۆگرامی side Sync پەیوەندیی نێوان کۆمپیوتەر و گەلەکسی بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش ئاسان کردۆتەوە، بە یارمەتیی پرۆگرامی ناوبراو بە ئاسانی دەکرێت زانیاریی جۆراوجۆر وەك، دەق، وێنە و ڤیدیۆ لە نێوان کۆمپیوتەر و مۆبایلدا رابگوێزرێن.

بە سوود وەرگرتن لە پرۆگرامی ئاماژە پێکراو، بەکارهێنەر دەتوانێت لە ماوس و کیبۆردی لاپتۆپەکەی، مۆبایلەکەی کۆنترۆڵ بکات و تەنانەت دەتوانێت دەقێك لەسەر لاپتۆپەکەی کۆپی بکات و راستەوخۆ لەسەر مۆبایلەکەی پێست بکات. جگە لەوەش بەرکاهێنەرانی پرۆگرامەکە دەتوانن دیسکتۆپی مۆبایلە هۆشمەندەکەی خۆیان لەسەر لاپتۆپەکە بکەنە هاوبەش، بە جۆرێك کە وەك ئەوە وابێت کە مۆبایلێك لەسەر لاپتۆپەکەتان هەبێت، هەر گۆڕانکارییەکیش لەسەر دیسکتۆپەکە بکرێت لەسەر مۆبایلەکەش روو دەدات. دەبێت پرۆگرامەکە هەم لەسەر مۆبایل و هەم لەسەر کۆمپیوتەر دابەزێندرێت.



# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێك وێڕای دەستخۆشی لە بابەتەکانی ئایتی گۆڤارەکە دەپرسێت، من ئەکاونتێکم هەیە لە فەیسبووك، بەڵام حەز ناکەم جگە لە هاوڕێیانم کە خۆم ئادم کردوون هیچ کەسێکی دیکە بتوانێت بمدۆزێتەوە و تەنانەت لەناو لیستی هاوڕێیاکانیشیاندا من ببینن و ئەگەر سێرچ بە دواگەڕانیش بکەن من نەبیننەوە، چ هەنگاوێکم بگرمەبەر؟

خوێنەری بەڕێز فەیسبووكماڵی مەجازی خۆتە و مافی خۆتە چ کەسێك ئیزن بدەی و بۆ ماڵەکەت و ئەدەرس و ناونیشانەکەت بدەی بە کێ و نەیدەی بە کێ، لە فەیسبووکدا لەسەرەتادا لە شریتی سەرەوە فەرمانی Account لێبدە و دواتر فەرمانی Privacy Set-tings لێبدە و لەودا فەرمانێك هەیە بەناوی Who can look up your profile by name or contact info لەودا فەرمانی Friends هەڵبژێرە ئیدی لەمەولا هیچ کەسێك گەر بەدواشتدا بگەڕێ جگە لەو هاوڕێیانەی کە ئاددت کردون کەس ناتدۆزێتەوە.

# خەیاڵەوە بەرەو راستی



باڵەکانی فڕۆکە ئۆتۆمبێلەکە لە شوێنی پەنجەرەکانییەتی کە لەکاتی پێویستدا دەنوشتێنەوە و بەهۆیەوە باشتر دەکرێت پارك بکرێت.

فڕۆکە ئۆتۆمبێلەکە ئەو کاتەی کە لەسەر زەوی دەڕوات وزەی خۆی بەتەواوی لەکارەبا وەردەگرێت و بەهۆی ئەو باترییانەی کە تێیدایە و شەحن دەبنەوە بە رێگادا دەڕوات. ئەوکاتەی کە دەفڕێت باڵەکانی دەکرێنەوە بەڵام بۆ نیشتنەوەی پێویستی بە 30 مەتر جێگایە وەك نیشتنەوەی شوێنی فڕۆکە.

خێرایی ئۆتۆمبێلە فڕۆکەکە 322 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە، بێ تێکردنەوەی بەنزینی پێویست یان شەحنکردنەوە هەتا 805 کیلۆمەتر بە رێگادا دەڕوت. وەك فڕۆکەی ئاساییش ئەوکاتەی کە شۆفێر هەستی بە مەترسی کرد، پەرەشوتی تایبەت هەیە بۆ خۆ فڕێدان.